# بڕیارنامە سەبارەت بە شیعاری :

# ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کریکاری

لەبەر ئەوەی :

بەگشتی تەبلیخاتی حیزب ناکرێ و نابێ بە تەبلیخی هەڵوێست و شیعارە تاکتیکی یەکانی حزبی کومونستی ئیرانەوە ببەستریتەوە و هەر ئێستاش بە دروستی ناوەڕۆکی بەشی لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بەردەوام تەبلیخ کراوەو شی دەکریتەوە و هەروەها بریک خاڵی ئەم بەشە لە بەرنامەی حزبیش ، وەک شیعاری دیاریکراوی تەبلیخی لە تەبلیخاتی حزبدا دیتەگۆڕ !

لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی میحوەرو جیهەتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتالیا، یانی دکتاتۆری پرۆلیتاریا و دامەزراندنی سوسیالیزمی دیاری کردوە و ئەم هەڵوێستە بناغەی یەی حزبیش، جگە لەوەی کە هەر ئێستا لە مەیدانی تەرویج مان دا باسی لێ دەکرێ، دەبێ وەک شیعار لە تەبلیخاتی ڕۆژانەی حزب دا بیتەگۆڕ !

تەنیا تەبلیخی بەردەوام و ئوسوولی لەسەر پێویستی دامەزراندنی حکومەتی تاقانەی چینی کریکارو پەروەردەکردنی جەماوەری بەرینی چینی کریکار بەم ئامانجە کۆمۆنیستی یەوە، دەتوانری دەورو خەسڵەتی تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە ئیستراتیژی و بەرنامەی شورشگیرانەی حزبی کۆمۆنیست دا بە دروستی لە تەبلیخات دا بیتەگۆڕو وێرای بانگەوازی بەردەوامی بەرین ترین جەماوەری کریکاو زەحمتکێش و توێژ زۆرلێکراوەکان وگشت هێزەکانی دیموکراتی شۆڕشێگڕ بەرەو لای ئەم جمهوری یەی، ئاسۆی شۆڕشی بێ وچان و هەتا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بخریتە بەرچاوی چینی کریکار :



هەرچەشنە کەم تەرخەمی یەک لە تەبلیخی ئامانجە بەرنامەیی و بناغەیی یەکانی حکومەتی کریکاری پێ بە پێی تەبلیخی شیعاری تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێر، دەبێتە هۆی ئەوەی کەجەماوەری کرێکارو زەحمتکیش، وە بەتایبەت ئەو بەشەی کەلەم دوایانەداو ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر بەرەو کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی ئیران ڕادەکێشرین، لەڕادەی جۆراوجۆردا حزبی کومونیست هەر لە هەلویست و شیعارە تاکتیکی و قۆناغی یەکانی ئێستایەوە بناسن و ئەم ئیشە تەگەرە دەخاتە ڕێگەی پێک هێنانی پەیوەندی قوول لە نێوان جەماوەری چینی کریکاو حزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەساسی بەرژەوەندو قازانجی سەربەخۆی پرۆلیتری یەوە، دەفتەری سیاسی حزبی کۆکۆنسیتی ئیران پەسەندی دەکا کە :

شیعاری ؛ ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کریکاری ؛ دەبێ وەک شیعاریک کە جەوهەری ئامانجە سوسیالستی و پرۆلیتتری یەکانی سەر بەخۆی حزب لە خەبات لە پێناو دەستەلاتی سیاسی دا بەزمانێکی سادەو لە هەمان کات دا بەزوویی بەیان دەک، وێرای شیعارەکانی تری ئیستای حزب، لە تەبلیخاتی ئورگانە سەراسەری و مەحەللی یەکان و لە تەبلیخی هاوڕی یانی موبەللیخی حزبی دا دابنرێ. پێویست ئورگانەکان و هاورێ یانی موبەللیخ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم شیعارە سەرنج بدەنە ئەم خالانەی خوارەوە :

مانای ئازادی لەم شیعارەدا لە دیموکراسی سیاسی واوەتر دەبێ و بەیانی گشتی و جەوهەری مەسەلەی ڕزگاری چینی کریکارو توێژ زۆرلێکراو و چەوساوەکانە لەچنگ گشت کۆت و بەندێکی کۆیلایەتی چینایەتی و هەموو پەیوەندو دام ودەزگای کۆمەلایەتی، سیاسی و فەرهەنگی سەرکوت کەری کۆمەڵگای بۆرژوایی .

؛ بەرابەری ؛ لەم شیعارەدا بەمانای ئەو بەرابەری یە کۆمەلایەتی و ئابووری یەیە کە بە هەل وەشانەوەی مالکییەتی تایبەتی و بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەدا و بە دامەزراندنی مالکییەت و چاودێری کۆمەلایەتی لە سەریان، لە کۆمەڵ دادەمەزرێ . ئەم ؛ بەرابەری

،یه له چوارچێوەی بەرابەری حقووقی  ئینسانەکاندا نامێنیتەوە بەڵکو بەمانای بەرابەری ڕاستەقینەی ئەوان لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دایە .
حکومەتی کریکاری ؛ بەیانی سادەی دکتاتوری پرۆلیتاریایە، لە کاتی ڕوون کردنەوەی دا دەبێ پێوستی بەدەستەوە گرتنی دەستەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کریکارەوە و باسی دەورو تایبەتمەندی یەکانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی بەشی ئسووڵی و لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران و بەڵگە بناغەیی و جیهانی یەکانی کۆمۆنیزم بێتە گۆر و تەبلیخ بکرێ .

دەفتەری سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئیران
1982